سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

پۆلیسی پەیپەری ژمارە (٣)

# پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا...
# لە هاوپەیمانێتییەوە بۆ نەیارێتی

ئاب ٢٠١٨

www.centerfs.org

## - پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا... لە هاوپەیمانێتییەوە بۆ نەیارێتی
## - پۆلیسی پەیپەری ژمارە (٣)
## - ئاب ٢٠١٨

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی ڕای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
٤. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق**
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا... لە هاوپەیمانێتییەوە بۆ نەیارێتی

**پێرستی بابەتەکان**


- سەرەتا ٣

یەکەم: هۆکارەکانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا ٤

دووەم: لێکەوتەکانی ئاڵوزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا ٥

سێیەم: کاریگەری ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان ٧

چوارەم: سیناریۆکانی ئایندەی پەیوەندییەکان لە نێوان تورکیا و ئەمریکا ٩

- کۆتایی و ئەنجامەکان ١٠

# سەرەتا

ئاڵۆزی و توندتربوونی ناکۆکی ئەنکەرە و واشنتۆن لە دەسگیرکردنی (ئەندرۆ برانسن)ی قەشە و دادگاییکردنی بە تۆمەتی هاوکاری تیرۆریستان و سیخوڕی، لەلایەن تورکیاوە، گەیشتە لوتکە و چیدی لە روپۆشی میدیایی و پینەکردنی لێدوانی دبلۆماسی ترازا و دەسبەجێ ترەمپی سەرۆک و مایک پینس-ی جێگری هێنایەسەرهێڵ. یەکەمیان بە هەڕەشەی گەمارۆی فراوان و دووەمیان بە هەڕەشەی سزادانی تورکیا، هۆشداری توندییان دایە ئەنکەرە.

بەڵام راستییەکەی ئەمە روکەشی ململانێکانە و برانسن تەنها شقارتەی توندترکردنی ململانێیەکی چەندساڵەی دوایی بوو. ململانێی ئەم دوو وڵات، تارماییەکانی بۆ ساڵی ٢٠١١ی گرژییەکانی سوریا و پاشان دەرکەوتنی داعش و پێکدادان و ناتەریببوونی سیاسەتی دەرەکی هەردوو وڵات بۆ ئیدارەدانی ململانێکانی سوریا و کڕینی سیستمی دژەئاسمانی S400ی روسی لەلایەن ئەنکەرەوە، دەگەڕێتەوە. بەڵام دۆسێی ئیدارەدانی باکووری سوریا و وردتر دۆسێی پەیەدە و کانتۆنەکانی رۆژئاوا، لە هەرە خاڵە زەقەکانی ئەم ململانێیەن کە راستەوخۆ پەیوەندی بە کوردەوە هەیە. داکشانی لیرەش لە سەروبەندی هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی تورکیاوە و سەرکەوتنەوەی ئەردۆگان، دەرئەنجامێکی جەنگی ئابووریانەی ئەو گرژیانەیە.

لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنە سەرەتاییەوە، ئەم پەیپەرە دەخوازێت وەڵام بۆ چەند پرسیارێک لەمەڕ ئەم بابەتە بخاتەڕوو، وەک: هۆکارەکانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا چی بوون؟ چۆن بەرەو گرژی ڕۆیشتن؟ ئاکامە سیاسی وئابورییەکانی ئەم ئاڵۆزبوونەی پەیوەندییەکانیان چییە؟ کاریگەری تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر هەرێمی کوردستان چییە؟ ئایندەی پێگەی هەرێمی کوردستان لەکوێی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدایە؟ هەڕەشە و هەلەکانی کامانەن؟ سیناریۆکانی ئایندەیی پەیوەندییەکانی نێوانیان چین؟

## یەکەم: هۆکارەکانی ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا:

ئەو گۆڕانکاری و ئاڵۆزییانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیادا ڕوویداوە، لە ڕووی شێوازی ئاڵۆزییەکە و ئاستی کێشەکان گەیشتووە بە ئاستی قەیران، لە ڕاستیدا ناوەڕۆك و ئاستی ململانێ و جیاوازییەکان لە بەرەو پێشچونێکی بەردەوامدایە، بۆیە ئاڵنگارییەکان بەڕادەیەك لەبەرزبونەوەدایە گرژی گەورەی لەبەردەم سازانەوەی پەیوەندییەکان دروست کردوە. هەرچەندە لە روی مێژووییەوە پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و بەرژوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بە هەڵبەزو دابەزی زۆردا تێپەڕیوە، لە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییەوە بۆ ناکۆکی ونەیارێتی. بەڵام لە ئێستادا بە هۆی زیاتر لە هۆکارێکەوە ئاستی پەیوەندییەکان گرژی و ئاڵۆزی بە خۆوە بینیوە، لێرەدا ئاماژە بە دیارترین ئەو هۆکارانە دەکەین کەلە پشت قەیرانە سیاسی و دبلۆماسی و ئابورییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا هەیە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە بۆ مێژوو تەنها باس لەو هۆکارانە بکەین کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دروستکردوە لەسەر ئاڵۆزی پەیوەندییەکان، ڕەنگە خاڵی جەوهەری لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکان ڕوداوەکانی ئەو کۆدێتا سەربازییە بێت کە لە یۆلۆی ٢٠١٦ ڕوی‌دا و بە هۆیەوە حکومەتی تورکیا، دوای لێکۆڵینەوەی هەواڵگری و یاسایی، ئەوەی ئاشکرا کرد کە گروپی (فتح الله گویلەن) کە لە ویلایەتی پەنسلڤانیا نیشتەجێیە، لە پشت ڕوداوەکانەوە بون، تەنانەت حکومەتی تورکیا باس لەوە دەکات کە بەڵگەی تەواویان داوەتە ئەمریکا کە بەشێك لە کۆبونەوەکان بۆ ئامادەکاری ئەم ڕوداوە لە ماڵی گویلەن و لە پەنسلڤانیا ئەنجامدراوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بەڵگە وتەنانەت لەبەرامبەر ڕوداوەکەش ئەمریکا جگە لە ئیدانەکردن، هەڵویستێکی زۆر جدی نەبوە، ئەمەش نیگەرانی قوڵی لای حکومەتی تورکیا بەجێهێشتوە.

٢- لە دوای ئەم ڕوداوانە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ (ڕوسیا و ئێراان) گەرم و گوڕی زیاتری بە خۆوە بینی و ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ووزە لە نێوان ڕوسیا و تورکیا گەشەسەندنی بەرچاوی بە خۆوە بینی، دوای ئەو گرژییانەی لەسەر کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە ڕوسیەکە لە نێوانیاندا دروست بووبوو، بەرزبونەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕوسیا لەسەر ئەو بۆشاییەیە کەلە ئاستی پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیا دروست بوە. بەتایبەتی سیاسەتی هاوبەش و شەراکەت لە بیرو ڕاو جێگە نفوزی ڕوسیا لە سوریا. ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا واسەیری ئەم پەیوەندییە ستراتیژییە دەکات کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئەرکە سەربازییەکانی تورکیا لە هاوپەیمانێتی ناتۆ دروست بکات، بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی روسی (S400).

تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات بەناچاری بیری لەم گرێبەستە کردۆتەوە، چونکە بێئومێد بون لە ئەمریکا. ئەمریکاش لەروانگەی سەربازییەوە وا سەیری هاوکێشەکە دەکات کە کڕینی سیستەمی روسی لەڕووی سەربازییەوە واتە وەرنەگرتنی ئاماژەی ئاگادارنەکردنەوەی ناتۆ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ڕوسیا سودمەند دەبێت لە زانیارییەکان بە تایبەتی لە فڕۆکەی جۆری فانتۆم. بۆیە ئەم هەڵوێستەی تورکیا لێکترازانێکی تری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دروست کرد.

٣- وێستگەیەکی تری ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکان ئەو دۆسیەیە کە ناسراوە بە شەڕی فیزا، دوای

ئەوەی هەردوو لا یەکیان تاوانبار دەکرد بە دزەکردنی تۆڕی جاسوسی لە نێردراوە دبلۆماسییەکان، تا گەیشتە ئەوەی تورکیا دانی نەنا بە باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنقەرە وەکو نوێنەرێکی شەرعی وڵاتە یەگرتوەکانی ئەمریکا.

٤- ناڕازیبونی تورکیا لەسەر پشتگیری سەربازی و لۆجیستی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ کوردستانی ڕۆژئاواو بە دیاریکراوی بۆ (پەیەدە) کە تورکیا وەکو باڵی سەربازی و سیاسی پەکەکەی دەناسێنێت، لەبەرامبەردا ئەمریکا زیاتر پشتگیری لە ئیدارەی ڕۆژئاوا دەکات و زیاتر لە ١٦ بنکەی سەربازی لە ڕۆژئاوا هەیە. بۆیە تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و قاێمکردنی ئاسایشی سنورەکانی، وەك تورکیا بانگەشەی دەکات، دوو پرۆسەی گەورەی سەربازی لە ناوچەی (باب وئیدلیب وعەفرین) بە هاوکاری ڕوسیا وبێدەنگ بوونی ئەمریکا ئەنجامدا، هەرچەندە دوای ئەوەی دانوستانی دوولایەنە لەنێوان ئەمریکییەکان و تورکیا لەسەر (منبج) ئەنجامدرا، هەردوولا لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی مەدەنی ڕێکەوتن، هەرچەندە ئەم ڕێکەوتنە جێگەی ڕەزامەندی تورکیا نییە، چونکە تورکیا بە نیازی داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی رۆژهەڵات ورۆژئاوای فوراتە. بەڵام ئەمریکا بەم داخوازییە رازی نییەو، دوای ئاڵۆزی پەیوەندییەکان ئەمریکا جێگە نفوزی خۆی زیاتر دەکات.

٥- خاڵی تر کە وەکو لوتکەی کێشەکان باسکراوە وپەیوەندییەکانی بەرەو قەیران بردوەو، لەمەش زیاتر دەرهاویشتەی ئابوری و سیاسی لێکەوتەوە پرسی دەست بەسەرکردنی قەشە (ئەندرۆ برانسۆن)ە، کە (ترەمپ) داوای دەستبەجێ ئازادکردنی کردوە، بەڵام تورکیا ڕەتی دەکاتەوە، ئەمریکاش لە ئێستادا بەهۆی ئەم دۆسێیەوە دەیەوێت و دەستی کردوە بە سزادانی ئابوری و سیاسی تورکیا. هەرچەندە بە تێروانینی ئێمە ئەمە دوکەڵی کێشەکانەو، ئاگرەکە چوار فاکتەرەکەی پێشەوەن. چونکە هەندێك ڕا هەیە لە ناوخۆی ئەمریکا پێیان وایە کە (ترەمپ) دەیەوێت لەڕێیئەم بابەتەوە دەنگی پشتێنەی ئینجیلی مەسیحی بەدەست بهێنێت.

## دووەم: لێکەوتەکانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا

بە حوکمی توانای سیاسی و ئابوری و سەربازیان، هەڵکشان و داکشان لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەریان دەبێت لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. تورکیا هێزێکی خاوەن رۆڵ و نفوزی هەرێمی بەرچاوە بە تایبەتی لە قەیران و کێشە هەرێمیەکانی وەك جەنگی ناوخۆیی سوریا. ووڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی سەرەکی جیهانیە و کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەرجەم ململانێ و قەیران و ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەدا. وەك ئەندام لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا، تورکیا و شوێنگەی جوگرافیەکەی فاکتەری گرنگ بوون لە پاراستنی بەرژەوەندییە جیۆستراتیژیەکانی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا بە پێچەوانەوە دەکرێت پێکەی روسیا - نەیاری جیهانی واشنتۆن لەسەر - لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەهێزتربکات.

بەڵام وەك هەڵسوکەوتەکانی ئەم دووایەی ئیدارەی سەرۆك ترامپ بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا

- سەپاندنی سزای ئابوری بەسەر هاوپەیمانێکدا- پێناچێت وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانی گەورەی هەبێت لە لەدەستدانی تورکیا و بەهێزکردنی پێگەی روسیا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. لە راستیدا، بەشێکی زۆر لە ئەمریکیەکان بە ئاشکرا پرسیاری ئەوە دەکەن کە ئایا تورکیا دەکرێت وەك هاوپەیمان پشتی پێببەسترێت لە دوای دروستکردنی گرفت و کێشە بۆ واشنتۆن لە رۆژهەلاتی ناوەراست.

روسیا رۆڵ و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان و بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە هەرەشە دەبینێت لەسەر پێگەو توانای خۆی ئەگەر چی دەسەلاتدارانی مۆسکۆ، بە تایبەتی سەرۆك پوتن، وای نیشان دەدەن کە دەتوانن باشتر کار لەگەڵ ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا بکەن. هەموو هەوڵەکانی روسیا لە پێناو لاوازکردنی پێگەی ئەمریکیایە لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بە تایبەتی لە سوریا، کە مۆسکۆ ئەمریکا و سیاسەتەکانی بە هەرەشەی جدی تەماشا دەکات بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە مانەوەی رژێمی ئەسەدەوە هەیە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، واتە لاوازکردنی پێگەی ئەمریکا، روسیا لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ قۆستنەوەی کێشە و ئاڵوزییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا.

گەر ئاڵوزییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا بگەنە ئاستێکی بالا بە شێوەیەك کە تورکیا کۆتایی بە ئەندامێتی خۆی بهێنێت لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا و داوا لە واشنتۆن بکات بۆ بەجێهێشتنی بنکەی ئەنجەرلیك لەسەر خاکی تورکیا - کە ئەمە لە ئێستادا ئەگەرێکی دوورە بەهۆی ئەوەی کە لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە روسیا ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز نابێت بۆ تورکیا- ئەوا مۆسکۆ لە روانگەی خۆیەوە لە ئامانجی لاوازکردنی ئەمریکا و سیستمی هاوپەیمانێتی رۆژئاوایی لە رۆژهەلاتی ناوەراست نزیك بۆتەوە. دەرچوونی تورکیا لە هاوپەیمانێتی ناتۆ نەك تەنها لێدانە لە پێگەی عەسکەری ئەمریکا - نەمانی بنکەی ئەنجەرلیك دەکرێت توانای ئەمریکا بۆ دروستکردنی رووداو لەبەرژەوەندی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەراست بە شێوەیەکی جدی سنوردار بکات - بەڵکو دەکرێت ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی متمانەی ئەمریکا لەلای هاوپەیمانەکانی تری لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. لەم حاڵەتەدا دەبێت تورکیا بە تەواوی لە نێو بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی روسیادا هەڵبسورێت کە ئەمەش بریارێکی قورس دەبێت بۆ ئەنکەرە بە تایبەتی کاتێك ئەو راستیە لەبەرچاو بگیرێت کە زۆر نییە لەسەر خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی رووسی لە لایەن تورکیاوە پەیوەندی نێوان روسیا و تورکیا بەشێوەیەك ئاڵۆزبوو کە روسیا سزای ئابووری توندی سەپان بەسەر تورکیادا.

ئەوەی دیارە کە تورکیا لەسەروبەندی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئەوروپا دەدات، لە کاتێکدا یەکێتی ئەوروپا پێشمەرجی سەرەکیان دەبێت بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا، لەوانەش ریفۆرمی سیاسی ناوخۆیی. بەلام دەبێت ئاماژە بەو راستیەش بدرێت کە هێزە ئەوروپیەکان پێناچێت پاڵپشتی سزادانی تورکیا بکەن لە لایەن ئەمریکاوە، بەهۆی ئەوەی هەموو تێکچوونێکی بارودۆخی ناوخۆی تورکیا کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لەسەر ئەوروپا. لێرەدا دەکرێت باس لەو ئەگەرە بکرێت کە ئەوروپا رۆڵی پۆزەتیڤ بگێرێت لە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا، یاخود ئەلتەرناتیڤێکی باشتر بێت لە روسیا بۆ

ئەمریکا. ئەمە مانای ئەوە نییە تورکیا روو لە روسیا ناکات بەڵام ناکرێت هەموو کات ئەمە وەك لاوازی بۆ پێگەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لێکبدرێتەوە. دواجار ئەمریکا خۆی ئامادە نەبوو کە لە قەیرانی سوریادا رۆڵی گەورە بگێرێت و تا ئێستا ئەمریکیەکان قەناعەتیان وایە کە بەرژەوەندیان لە قبوڵکردنی رۆڵی رووسی هەیە لە سوریا وەك لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزێکی سەرەکی جیهانی.

لە خراپترین حاڵەتدا - دەرچوونی تورکیا لە هاوپەیمانێتی ناتۆ و داواکردن لە هێزی سەربازی ئەمریکا بۆ چۆڵکردنی بنکەی ئەنجەرلیك کە ئەگەری روودانی زۆر دوورە - تورکیا تاکە سەرچاوەی ئابوری و سەربازی و دبلۆماسی کاریگەر و گەورەی لەدەست دەدات و باشترین ئەڵتەرناتیڤشی روسیایە، لە کاتێکدا کە وولاتە یەکگرتووەکانی تەنها هاوپەیمانێك و بنکەیەکی سەربازی لەدەست دەدات لە نێو ژمارەیەك لە هاوپەیمان و بنکەی سەربازیتر لە ناوچەکەدا.

## سێیەم: کاریگەری ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان

جیا لە هەر دیدێکی داتاشراو، هەرێمی کوردستان بۆ هیچ یەکێ لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری تورکیا زیادە نییە، بگرە لەدیدی هەردوولاوە خاڵێکی دەستلێهەڵگیراویش نییە:

**لە دیدی ئەمریکاوە:**

بەلەبەرچاوگرتنی نەخشەی بەرژەوەندییەکان وململانێ هەرێمایەتییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، رەنگە رونتر پۆتانسێلی هەرێمی کوردستان دیارتر دەکەوێت، لە ئەگەری ململانێ و درێژەدانی ململانێکانی ئەمریکا و بەردەوامی سزادانی ئێران، نیوەی هێزە عێراقییەکان کە هاوپەیمانی ئێرانن، نەیارییکردنی حکومەتی دیمەشق و لەمدواییانەشدا ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەنکەرەدا بەرەو لوتکە دەچێت، گەر کێرڤی سیاسەتی واشنتۆن بەردەوام بێت ئەوا تەنها جێیەک کە هێمنییەکی سیاسی و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت لەم زەوییە گەرمە سیاسییەدا هەرێمی کوردستان و ولاتی ئەردەنن. بەمەش پێویستی زیاتری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکادا پتەوتر دەکات و دەتوانێ رۆڵی نوێتریش وەرگرێت. بەتایبەت گەر رەوتی داخستنی دەرگاکانی بەغدا، ئەنکەرە، تاران ودیمەشق بە رووی واشنتۆندا درێژەیان هەبێت. خەونی ئەمریکا لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، دروستکردنی بەرەیەکی عەرەبی (شیعی - سونی) و کوردی بوو، بە سەرکردایەتی "عەبادی / نێچیرڤان- قوباد"، بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردن زوو بەرجەستەکردنی ئەم خەونەی دورخستەوە، دیمەشق دەمێکە وەک هەلی پاراستنی بەرژەوەندی بۆ ئەمریکا نەماوەتەوە و تارانیش لە سیاسەتی "کێوی قاف" بەردەوامە و او تورکیاش چووە ریزی نیمچەداخراواکان لەئاست ئەمریکادا.

ئەوەی دەمێنێتەوە هەرێمی کوردستانە کە وەک قەوارە هەم بەرهەمهاتووی سیاسەتی ئەمریکا خۆیەتی، لەسەرەتای جەنگی کەنداو ولێکەوتەکانییەوە، هەم پارێزەرێکی بێسەرئێشەی بەرژەوەندییە

سیاسی و ئەمنییەکانی ئەمریکاش بووە لەو ماوەیەدا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەوە زیاتر بۆ ئەمریکا بکات؟ ئایا دراوسێکانی، بە تایبەت تورکیا، رێگە دەدات ببێتە ئەلتەرناتیڤی وان بۆ واشنتۆن لە ناوچەکادا؟

**لە دیدی تورکیاوە:**

هەرێم بۆ تورکیا، قوڵایی ستراتیژی هەیە، لەوانە: بالانسی مەسەلەی نەرمەهێز و توندەهێزی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی تورکیا و سوریا دەتوانێ ئاڵوگۆڕ پێبکات، سنوردانان بۆ پەکەکە و پاراستنی سنورەکان لە هەرێمەوە، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی تورکیا و هەرێم سازش لەسەرنەکراوە بە ئاست تورکیادا، نەوت و گازی هەرێم پێگەیەکی نوێی بە رۆڵی ئەنکەرە لە نەخشەی نوێی وزەی جیهاندا بەخشیوە.

کەواتە پێگەی هەرێم بۆ تورکیا، خاڵیکی دەستلێبەرداروو نییە، بە پێچەوانەشەوە هەمان ئەو خاڵانە بۆ هەولێریش خاوەنی گرنگین و ناتوانێت بە رووکردنە ئەمریکا دەستبەرداریان بێت. ئێستا هەرێم لە رووی پێگەی سیاسییەوە، لە روخساردا لەبارێکی زێڕینندایە، بەڵام زۆرجار هەلە زێڕینەکان، هێندەی دەبنە هەڕەشە بۆ ئایندە، کەمتر دەتوانرێت سود لە زێڕەکەی وەرگیرێت. راستە لە سیاسەتکردن و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تەبابوون لەگەڵ واشنتۆن دەرگای فراوان دەکاتەوە، بەڵام لە دۆخێکی وەک ئەوەی باسکرا، هاوپایمانی بێچەندووچوونی ئەمریکا لە جوگرافیایەکی وادا بە بێ هاوسەنگی، هەڕەشەی نابوتبوون زیاتر زەقدەکاتەوە و دوریش نییە ناکۆکەکانی ناوچەکە لە پێناودا یەکبخاتەوە، وەک ئەوەی لە دەرکەوتەکانی ریفراندۆمەوە، سەرجەم نەیارە هەرێمایەتییەکان لە بەرامبەر هەولێردا سیاسەتییان یەکخست.

**لایەنگری ئەرێنیانە:**

بە وردبوونەوە لە دۆخەکە، هەلێکی وا دەستەبەرکردنی سەرجەم قازانجەکانی بێ زیان، وێناکردنی ئاسان نییە، ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە لایەنگری ئەرێنیانەیە بۆ ئیدارەدانی سیاسەتەکانی لە نێوان هەژموونی ئەمریکا و تورکیادا، بەتایبەت توندڕۆیی بە هەر دیوێکیاندا دوورنییە لە بەشێکی وێنەکەدا، سازشی هەردوو نەیار (واشنتۆن و ئەنکەرە) لەسەر حسابی هەولێر ئاشتنەکاتەوە و هەردوولا بە قوربانیکردنی هەرێم بە براوەیی لێدەربچن، هەروەک چۆن لە عەفرین و مەنبەج ئەو پێکهاتنەوەیە لەسەر حسابی پەیەدە بینرا.

پێدەچێت نمونەی دووساڵی رابردووی ئەزمونی قەتەری بتوانێت دیدێکی نوێ بۆ سیاسەتکردن بەدەستەوە بدا، قەتەر لەنێوان بازنەی دڵڕەقی براکەنداوییەکانی باڵانسێکی تارادەیەک گونجاوی لە سیاسەتکردن لە نیوان ئەمریکا و ئێران و تورکیادا پاراستووە، بە یەکەمیان بەرژەوەندی سیاسی و بە دووەمیان ئاسمانی وڵاتەکەی و بە سێیەمیشیان ئابوری و ئاسایشی خۆی پاراستووە، ئەمە مۆدێلی نە سفر و نە سەدی قەتەرییە و دەکرێت گۆشەی نوێ بۆ سیاسەتکردن دەستەبەربکات.

- بەڵام ئایا هەرێمی کوردستان، ئەو توانایەی لە راگرتنی باڵانسدا دەبێت؟ خاڵی لاوازی هەرێمی کوردستان گوتاری ناوخۆیی خۆیەتی کە هەم یەکنەخراوە و هەم دورمەوداش نیە و پشتی بە سیاسەتی کورتمەودا بۆ ئیدارەدان بەستووە، نەرمەهێز و توندەهێز (پێشمەرگە و بەرگری) و دۆخی

ئابوری و گوتاری ناتەبای ناوخۆیی هەرێم بەمشێوەیەی ئێستا نەک کۆمەک ناکات بۆ ئەوەی هەلی نوێ لە سیاسەتکردن لە نێو گرژییەکانی ئەنکەرە و واشنتۆندا گیربخات، بەڵکو دەکرێ ببنە گۆشەی لاوازی هەرێم و لەبری سود و هاوسەنگی ببنە هەڕەشە و پرژی ململانێکان زۆرێکی بەر هەرێم بکەوێت و ببێتە مەیدانی ململانێی ئابوری و سیاسی و دوریش نییە زەمینەی جەنگی بەوەکالەت لەنێو کوردستاندا لە بری ئەمریکا و هێزە هەرێمایەتییەکان بسازێنێت.

**سیناریۆیەکی سەخت:**

تەنها هێزە کوردیەکانی هەرێمیش نین کە لەم نێوەندی ململانێیەی تورکیا - ئەمریکا بۆ هەردوولا گرنگبن، لە بەغدا هاوپەیمانێتییەکانی عەبادی و سەدر و بەشێکی سوننییەکان، لە ئێرانیش باڵێکی دیاری ناو حکومەت و نەرمەهێزی ناو دەوڵەت و لە ناو تورکیاشدا بە هەمانشێوە، هێزگەلێک هەن کە لەگەڵ باڵانس راگرتندان لەنێوان واشنتۆن و ئەنکەرە و بەدوای گۆشەی نوێ و سیناریۆی نوێی سیاسەتکردندا دەگەڕێن، کە دەکرێ ببێتە هێڵی سێیەم، لەنێوان هێڵی یەکەم و دووەمی توندی ئەمریکا و تورکیادا.

## چوارەم: سیناریۆکانی ئایندەی پەیوەندییەکانی لە نێوان تورکیا و ئەمریکا:

لە ئاست ئاڵۆزبوونی ئەم جارەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا، دەکرێت پێشبینی گەلێک ئەگەری جۆراوجۆر بکەین، بەڵام لێرەدا لە سێ سیناریۆدا دەیانخەینەڕوو:

**سیناریۆی یەکەم: هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا:**

هەرچەندە ڕەچاوناکرێت پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بگەڕێتەوە بۆ هەمان دۆستایەتی ستراتیژی سەردەمی جەنگی سارد، بەڵام ئەگەری هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیشیان دوور نییە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی دابڕانی تەواو بۆ تورکیا واتا لە دەستدانی پشتیوانێکی بەهێزی سەربازی و جیۆستراتیژی، کە زەحمەتە لە ئێستادا ئەڵتەرناتیڤێکی هاوشێوەی بۆ بدۆزێتەوە، جگە لە ڕوسیا، کە ئەمەش ناچاری دەکات بەتەواوتی بکەوێتە بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی کرملینەوە و ڕازیبون بەم سیناریۆیەش بۆ تورکیا بڕیارێکی قورسە. بۆ ئەمریکاش خوازراو نییە تورکیا لەمە زیاتر لە ڕوسیا و ئێران و جیهانی ئیسلامی نزیک بێت. بۆیە ڕەنگە هەر ئەم مەترسیانەی هەردوولا پاڵنەربن بۆ جارێکیتر هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، لەم نێوەندەشدا دەکرێت باس لەو ئەگەرە بکرێت کە ئەوروپا ڕۆڵی پۆزەتیڤ بگێرێت لە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا، بەتایبەت کە پێناچێت ئەوروپییەکان پاڵپشتی سزادانی تورکیا بکەن لە لایەن ئەمریکاوە، لەبەرئەوەی یێکچوونێکی بارودۆخی ناوخۆی تورکیا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئەوروپا.

**سیناریۆی دووەم: تێکچوونی تەواوی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا:**

ڕەنگە مەحاڵ بێت پێشبینی ئەوە بکرێت دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وتورکیا هێندە تێکبچێت کە بگاتە ئەو ئاستەی ئەمریکا کار بۆ ڕوخاندنی (ڕژێمی ئەردوغان!)

بکات، کەتائێستا ئەمەی بەرامبەر بە ڕژێمی ئێرانیش نەکردووە، بەڵام مەحاڵیش نییە ئاستی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو ولاتە بگاتە دۆخێکی لە ئێستا باڵاتر، بە شێوەیەك کە تورکیا کۆتایی بە ئەندامێتی خۆی بهێنێت لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا و داوا لە ئەمریکاش بکات بنکەی ئەنجەرلیك لەسەر خاکی تورکیا بەجێبهێڵێت، بەتایبەت لە سایەی هاندانی روسیا کە لەم نێوەندەدا دەخوازێت بە نزیکبوونەوەی لە تورکیا خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێز لەڕووی سیاسی و ئابوری و دبلۆماسی و سەربازییەوە بخاتەڕوو، بەمەش لە ئامانجی لاوازکردنی ئەمریکا و سیستمی هاوپەیمانێتی رۆژئاوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نزیك دەبێتەوە.

**سیناریۆی سێیەم: مانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا وەک ئێستا:**

وێرای ئەوەی کە نە لەڕووی تیۆری و نە لە ڕووی واقعیی کرداریشەوە، شیاو نییە دۆخی ئاڵۆزی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ولاتە یەکگرتووەکان ئەمریکا لەیەک ڕیتمدا جێگیربێت وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەسایەی بەردەوامبوونی کاریگەری ئەو هۆکارانەی کە لەتەوەری یەکەمی ئەم بابەتەدا خرانەڕوو، دوور نییە دۆخەکە تا ماوەیەک بەم شێوە ئاڵۆز بمێنێتەوە، بەتایبەت کە هیچ لایەکیان نەخوازێت دەستپێشخەری بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بکات، هاوکات هیچ لایەکیشیان جورئەتی ئەوە نەکات ئاقاری پەیوەندییەکان بەرەو تێکدانی تەواوەتی ببات. ئەم سیناریۆیە ئەگەر لە مەدای دووردا لە سیناریۆی یەکەم لاوازتر نەبێت ئەوا لە مەدای نزیکدا لە سیناریۆی دووەم شیاوترە، بەلایەنی کەم بۆ ماوەی سەرۆکایەتی ئێستای (ترامپ)، کاتێک ئەوە بهێنینە یادی خۆمان کە ئەمریکا لە ئێستادا لەگەڵ زیاد لە ولاتێک لە ناوچەکە و جیهاندا لە ناکۆکی و ململانێدایە، بەپلەی یەکەمیش ئێران ئەمجا کۆریای باکور.

## کۆتایی و ئەنجامەکان

١. ئەگەرچی، لە روی مێژووییەوە، پەیوەندییە سیاسی و سەربازی و ئابوری و بەرژوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بە هەڵبەزو دابەزی زۆردا تێپەڕیوە، لە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییەوە بۆ ناکۆکی و نەیارێتی. بەڵام لە ئێستادا بە هۆی زیاتر لە هۆکارێکەوە ئاستی پەیوەندییەکان گرژی و ئاڵۆزی بە خۆوە بینیووە، گرنگترین ئەو هۆکارانەش: (١) ڕوداوەکانی کۆدێتاکەی یۆلۆی ٢٠١٦ کە حکومەتی تورکیا گروپی (فتح الله گویلەن) کە لە ئەمریکا نیشتەجێیە تۆمەتبار دەکات بەڵام ئەمریکا هیچ هەڵوێستێکی جدی بەرامبەری نەبووە. (٢) گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و تورکیا بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی روسی (S400) کە بە باوەڕی ئەمریکا ئەم پەیوەندییە ستراتیژییە کاریگەری لەسەر ئەرکە سەربازییەکانی تورکیا لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا دروست دەکات. (٣) پەرەسەندنی دۆسێیەی شەڕی فیزا کە تیایدا هەریەک لە تورکیا و ئەمریکا یەکتری بە دزەکردنی تۆڕی جاسوسی لە نێردە دبلۆماسییەکانیاندا تاوانبار دەکەن. (٤) ناڕازیبونی تورکیا بەرامبەر پشتگیری سەربازی و لۆجیستی ئەمریکا بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا لە سوریا. (٥) کێشەی دەست بەسەرکردنی قەشە (ئەندرۆ برانسۆن) کە

ئەمریکا داوای دئازادکردنی دەکات و تورکیاش ڕەتی دەکاتەوە ئەمەش بۆتە بیانوی ئەوەی داوتە دەست ئەمریکا دەست بە سەپاندنی سزای ئابوری و سیاسی بەسەر تورکیادا بکات.

٢. هۆکاری ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا هەرچییەک بن، هەڵکشان وداکشانی ئەم پەیوەندیيانە کاریگەری جۆراوجۆریان لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت. لەلایەک وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی سەرەکی جیهانیە و کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەرجەم ململانێ و قەیران و ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەدا. لەلایەکیتر تورکیا هێزێکی خاوەن ڕۆڵ و نفوزی هەرێمی بەرچاوە بە تایبەتی لە قەیران وکێشە هەرێمیەکانی وەك جەنگی ناوخۆیی سوریا، ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا، وەك ئەندام لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا، لەگەڵ شوێنگەی جوگرافیەکەی، فاکتەری گرنگ بوون لە پاراستنی بەرژەوەندییە جیۆستراتیژیەکانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. دەکرێت گرنگترین لێکەوتەی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا ئەوەبێت کە پێگەی روسیا - وەک نەیاری جیهانی ئەمریکا - لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەهێزتر دەکات.

٣. ڕەنگە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرگای چەند هەلێک بۆ هەرێمی کوردستان بکاتەوە، لەلایەک بۆ ئەمریکا، لە پاڵ ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و توندتربوونی ململانێکانی لەگەڵ ئێران و بێ ئومێدبوونی لە سوریا و عێراقدا، هەرێمی کوردستان جێیەکی ئارامە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، لەلایەکیترەوە بۆ تورکیا، هەرێمی کوردستان قوڵایی ستراتیژی هەیە کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی تورکیا و سوریا هەیە و ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە سنوردانان بۆ پەکەکە و پاراستنی سنورەکانی تورکیا، لەپاڵ بایەخی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێم، بەتایبەت کە نەوت و گازی هەرێم پێگەیەکی نوێی بە ڕۆڵی ئەنکەرە لە نەخشەی نوێی وزەی جیهاندا بەخشیوە. لەگەڵ ئەم هەلەشدا بۆ هەرێمی کوردستان ئاسان نییە دەستبەرداری پەیوەندی هیچ کام لە ئەمریکا و تورکیا ببێت، کە ڕەنگە دوبارە لێک نزیکبوونەوەیان هەرێم نابووت بکات، بۆیە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە لایەنگری ئەرێنیانەیە بۆ ئیدارەدانی سیاسەتەکانی لە نێوان هەژموونی ئەمریکا و تورکیا بکات.

٤. بەڵام وەک هەمیشە خاڵی لاوازی هەرێمی کوردستان گوتاری ناوخۆیی خۆیەتی، کەلەلایەک پەرتەوازە و یەکنەخراوە، لەلایەکیتریش دووربین نییە لە ئیداردانی سیاسەتی خۆی لەنێو هەڵبەز و دابەزی پەیوەندی نێوان کاراکتەرە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا، بۆیە ئەم گوتارە بەمشێوەیەی ئێستا نەک کۆمەک بە هەرێم ناکات بۆ ئەوەی هەلی نوێ لە سیاسەتکردن لە نێو ئاڵۆزییەکانی تورکیاو ئەمریکا دەستگیر بکات، بەڵکو دەکرێ لەبری سود و هاوسەنگی ببێتە هەڕەشە و ببێتە مەیدانی ململانێی ئابوری و سیاسی و سەربازیش، کە دوورنییە زەمینەی جەنگی بەوەکالەت لەنێو کوردستاندا، لە بری ئەمریکا و هێزە هەرێمایەتییەکان، بسازێنێت.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Policy Paper No.3

# Relations between Turkey and the United States… From friendship to enmity

August 2018

www.centerfs.org